## هەڵەبجە...

**((شارێك لەئینسانەكانیدا**

**شارێ لەپرسیارو گومان))**

**هەڵەبجە..**

هەڵەبجەی پرسیار

هەڵەبجەی گومان

ئەو نەمەزلەمەو نەشەهید

ئەو نە بیمارەو نە نەخۆش

ئەو نەگۆرستانەو نەمۆنیمێنت

ئەونەبت خانەیەو نەدزخانە

ئەوپاڵەوانە.. پاڵەو انی پرسیار،

ئەو رەشەبای گومانو سیروانی دەنگ وهاوارە

ئەوشۆڕشی ناوشۆڕشەو هۆشیارترین بریندارە

**ئەو شارنیە، كتێبە**

**كتێبێكی شیعر**

**شیعرێ لەشۆرش**

**عەیامێكی عومرە و**

**عومرێ لە هۆشیاری وگومان ..**

**شاری چی؟**

**شاری گەریدە،**

**..بەرۆمانێكی شكاتەوە..**

**بۆلای ژیان**

**هەڵدێ لە ئینسان..**

**شارێك... هەرپیتێكی لە شارێكی ترو**

**شارێكی بێجوگرافیا**

**بێحكومەت**

**بێ نە تەوە**

**بێ مارشو پرلە مۆسیقا**

**شار..شارێكی فیرار ..**

، هەلاتوو لەئەنفال

یاخی لەگەندەڵی ونایەکسانی

تەنگەتاو لەبۆنی حیزب و

لەپیسی  ئینسان

پەنادەگریٚ بە باخەسێویٚکی تاران

بەڵام دەمریٚ

بەبۆنی سیویٚکی عەجەم دەمریٚ

تەرمەکەشی

لەدێڕە شیعریٚکی شەرمنی کوردی دەنریٚ

*

شاریٚک، بیندار

بریندار، بەخەنجەری  وەچەکانی

هەژار ،خەمۆک، بەتەممەڵی پیاوەکانی

تەڕوجوان و ئێسک سوک

بەرومەت وبەفرمیٚسک وبەقامەتی کچەکانی

زەنگین،بە ژمارەی خەونەکانی ،

بەسام ،بەسوێی زام وبەهەیبەتی برینەکانی

مەزن، لەتاو قورسی ..پرسیارەکانی

خاکی،سادە،هەروەک رۆحی کوڕەکانی

هەڵەبجە چیت تۆ؟

بەسامترین پرسیاریٚکی کوشەندەی تۆ

سەختترین گومانێکی ئەم دەمەی‌تۆ

پرسیار، لەئەخلاقی سەردەمیٚ

پرسیار، لە ویژدانی  ولاٚتیٚ

پرسیار، لەوەفای شۆرشیٚ

گومان لە تاریکی دەسەلاٚتیٚ

*

شار..

شاریٚکی کوژراو.

بەژەهری شەکرە سێو.

ژەهریٚک لەبەرەی چەندشەڕ

شەریعەجەم وشەری جاشو شەریخێڵ وشەڕیبرا

*

شارێ ..

بەبرینەکانیەوە

بەیادگاریەکانیەوە

بە زەللەت و نەهامەتی و ئازارو سۆکانیەوە

بووبەنەستی رۆڵەکانی

شارێ لەگەڵ مەرگیا بووبە رۆحو

رژایە ناو ئینسانەکانی

تەماشای شارێک بکە لەئینسانێکدا

خودایا !!..چ تراژیدیایەکە ئەو ئینسانە

شارێک لەژنێکدا

لەمنالێکدا

لەکتێبێکدا

لەکیژو کورێکی هەرزەکاردا...!!

شارێک لەت لەت

بەقەدژمارەی رۆڵەکانی

پەراگەندە

بەقەدرەنگی ئالاکانی

بریندار

بەژمارەیادەکانی

یاخی و سەخت وپاڵەوان

وەک ودەریاو کانی ئاوو دارهەنارو چیاکانی

*

،برۆنەوەو مەیەن .. بۆی مەگەڕێن

بۆی مەگرین وبۆی مەگەڕێن

ئەوئیدی ئێرەی بەجێهێشت

ئەو گەرایەوە ناوئینسانەکانی

جوگرافیای ئەو ئێستە ئینسانە

**ماڵی ئەو**

**ئێستە دڵی کیژۆڵەیەکی پڕلەنازی هەورامانە**

**حاکمی ئەو،ئێوەنین**

**شازادەی ئەو**

**ئێستەکوڕێکی ئەسمەری**

**گەڕەکێکی کانی عاشقانە**

**مارشی ئەوان ئەمشەو**

**ناڵەی دەف و عودی عەشق و سیاچەمانەو حەیرانە**

عەبدوڵاڕێشاوی